مه هاباد قه ره داغی

تایبه ت به ڕۆژنامه ی "ژیانی نویٚ"

ستوونی "نوژه ن"

# کۆده کانی خوود

ئایا من خۆمم؟ ئه مه پرسیارێکی ساده و سه یره، به لاّم پێویسته هه میشه له خۆمانی بکه ین، ئه گه ر مه به ستمان ناسینی خۆمان بێت له ناو که سانی تردا. خۆمان وه ک که سی تایبه تی و جیاواز له وانی دی.

ئایا من خۆمم؟ پرسیارێکی ده روونییه و له ژیانی ئاسایی کۆمه لگه یه کی نه ریتیدا نه بووه به باو مرۆڤه کانی له خۆیانی بکه ن. چونکه له کۆمه لگه یه کی له و شێوه یه دا بیرکردنه وه له "خۆ" به "خۆپه رستی" ناو ده برێ و، بیرکردنه وه له کۆ باوه و ستایش ده کرێت. به لاّم ئایا بیرکردنه وه له خۆ خۆپه رستییه یان گه ڕانه به دوای جه وهه ری خۆدا له پێناوی خۆناسیدا؟ ئایا له خۆڕامان له پێناوی هه ستکردن به نرخ و بایه خی خۆ و، هه ستکردن به پێویستی خۆ بۆ ئه وانی تر و بۆ کۆمه ڵ نه نگه ؟

"من" ته نها ئه و کاته ده توانم "خۆم" بم که دوای گه ڕانێکی ورد و ڕامانێکی قووڵ له خۆ م هه ستم به بوون و بایه خی خۆم کردبێ و، له دوای گه ڕان و ڕامان له ویدی و دۆزینه وه ی جیاوازی نێوان من و ئه و، تایبه تمه ندیه کانی خۆمم دۆزیبێته وه. که واته من پێویستم به و بیرکردنه وه یه هه یه له خۆم تا دڵنیا بم من "تاک" ێکم و وه ک تاک ده توانم په یوه ندیم هه بێت به تاکه کانی تره وه و کاریگه ریم هه بێت له سه ر کۆمه لگه که ی خۆم.

له خۆڕامان ، خۆناسین ، هه ستبه خۆکردن و خۆسه لماندن ئه تێرمۆلۆژیای ده روونناسیدا جێی بایه خن و له ده وری "خود"دا کۆده بنه وه. مرۆڤ که له خۆی ڕانه مێنێ خۆی ناناسێ و ناتوانێ هه ست به خۆی بکات، پێچه وانه که شی ده بێته له خۆڕامان له پێناوی خۆناسیندا که له ئه نجامیدا مرۆڤ هه ست به بوون و بایه خی بوونی خۆی ده کات و ئه و هه سته شه ده بێته پاڵنه ری سه ره کی بۆ خۆسه لماندن. مرۆڤ که هه یه که سێکه، به لاّم که خۆی سه لماند ئیدی ده بێت به که سێکی تایبه تی یان که سایه تییه ک. ئا ئه مه یه "ناسنامه" که مرۆ ده بێت بێپه روا هه وڵ بۆ به ده ستهێنانی بدات. بوون به که سێکی تایبه تی، به که سایه تییه ک، نه ک هه ر که سێک.

نۆرمه کانی کۆمه لگه ی نه ریتی که سه رچاوه که ی سیسته می باوکسالارییه، گه وره ترین ئاسته نگ له ڕێگه ی "خۆبوون"ی مرۆڤ داده نێت. له و جۆره ستیلی ژیانه دا که کۆمه لگه یه کی کۆلێکتیڤ دایده ڕێژێ ده کرێ به ئاسانی وه لاّمی ئه و پرسیاره ده روونییه بدرێته وه و بگووترێت: نه خێر من خۆم نیم، من هه ر که سێکم که له جیاتی من بیر ده کرێته وه، له جیاتی من بڕیار ده درێت، له جیاتی من چاکه و خراپه م لێکده درێته وه و هتد. من هه ر که سێکم وه ک که سانی تر به بێ جیاوازی و به بێ تایبه تمه ندی، من خۆم له ناو گشتدا ده بینم و به بێ بوونی ئه و گشته من هه ست به ونبوون ده که م. ئا ئه مه یه "بێناسنامه یی" که مرۆڤ ده بێت بێپه روا هه وڵ بۆ له ده ستدان و خۆ لێ ڕزگارکردنی بدات.

له ناو کۆمه لگه ی خێڵدا بۆ نموونه جه وهه ری هه موو پیاوان له یه ک ده چێ، جه وهه ری هه موو ژنان له یه ک ده چێ، ته نها شێوه ی مرۆڤه کان جیاوازه، ناوه ڕۆکی هه موو یه ک چه شنه و ئه و چه شنه ش یه ک عه قڵ که سه روه ری خێڵه ، وێنه ی کێشاوه.

له ناو ڕێکخراو یان حیزبێکی نه‌ریتیدا، هه‌موو ئه‌ندامه‌کان به ژن و پیاوه‌وه له شێوه‌دا جیاواز و له ناوه‌ڕۆکدا له یه‌کچوونێکی ترسناک هه‌یه، به شێوه‌یه‌ک ترسناک که هه‌ڕه‌شه‌ی مه‌رگ له سه‌ر "خود"ی که‌سایه‌تی ئه‌ندام دروست ده‌کات، که ئیدی ئه‌ندام خۆی "خۆ"ی نییه، تایبه‌تمه‌ندی نییه و شێئکی جیاوازی نییه که بۆ پێناسه‌کردنی خۆی سوودی لێ ببینێت و بیکات به جه‌وهه‌ری ناسنامه‌ی، بۆیه به ناسنامه‌ی گشتی ڕێکخراوه‌که‌یه‌وه ده‌نازێ و ده‌یکاته سه‌رچاوه‌یه‌کی دڕۆنگ بۆ بوژانه‌وه‌ی خۆی.

له کچێکی سه‌ر به خێزانێکی کۆنپارێزم پرسی ئایا ده‌توانێ وه‌ڵامی چه‌ند پرسیارێکم بداته‌وه که بۆ لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ک سوودی لێ ببینم، له وه‌ڵامدا گووتی با له باوکم بپرسم بزانم قایل ده‌بێت؟

چه‌ندان جاریش ڕوویداوه و ئه‌م پرسیاره‌م ئاراسته‌ی ئه‌ندامی چه‌ندان حیزبی نه‌ریتی کردووه و هه‌مان وه‌ڵامم دراوه‌ته‌وه، با بزانم حیزبه‌که‌م چی ده‌ڵێت. له ڕاستیدا من ده‌مویست له‌گه‌ڵ "خود" ی ئه‌و کچه و، "خود"ی ئه‌و ئه‌ندامانه بدوێم، به‌لام به‌و وه‌ڵامانه دڵنیایان کردمه‌وه که ئه‌وان "خۆیان" نین.

که "تۆ" "خۆت" بیت ده‌توانی ئازاد بیت و، ئازادی بڕیار بده‌ی، به پێچه‌وانه‌شه‌وه هه‌میشه ده‌بێت بگه‌ڕێیته‌وه بۆ سه‌ره‌وه‌ی خۆت له هه‌ره‌مێکدا که "خود"ی تۆ وه‌ک زۆربه له پاییینیدا پێشێل ده‌کرێیت.

لێره‌دا مه‌به‌ست ئه‌وه نییه که مرۆ نه‌بێته ئه‌ندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێک له پێناوی ئه‌وه‌دا که خوودی خۆی له ده‌ست نه‌دات، به‌ڵکه پێویسته حیزب و ڕێکخراوی وا دروست ببێت که بکرێت و بگونجێت مرۆڤ هاوکات ئه‌ندامیش بێت و تایبه‌تمه‌ندی خۆیشی هه‌بێت، ئه‌ندامیشی بێت و ئازادیش بێت ڕای جیاواز و تایبه‌تی خۆی ده‌رببڕێت، ئه‌ندامیش بێت و له ئه‌ندامه‌کانی تر نه‌چێت، ئه‌ندامیش بێت و ڕه‌خنه‌گری سه‌رۆکی ڕێکخراوه‌که‌شی بێت. له ڕێکخراوی کراوه و مۆدێرندا ده‌کرێ ئه‌ندامه‌کان یارمه‌تی بدرێن بۆ پێگه‌یشتن و تێگه‌یشتن له خۆ، بۆ ناسین و ناساندنی خۆ، بۆ خۆسه‌لماندن وه‌ک که‌سێکی تایبه‌تی. له ڕێکخراوی داخراو و کۆنباودا ئه‌ندام ته‌نها به شوناسنامه‌ی حیزبه‌که‌ی ده‌ناسرێ و له چوارچێوه‌ی حیزبه‌که‌ی بواری خۆسه‌لماندنی ده‌درێت، که ئه‌وه خۆسه‌لماندنێکی دڕۆنگانه‌یه و ته‌نها به نه‌مانی له ناو چوارچێوه‌ی ئه‌و حیزبه یان ئه‌و ڕێکخراوه‌دا پایه‌ی ده‌ڕوخێ و شووناسنامه‌که‌ی ون ده‌کات.

"من پێشمه‌رگه‌ی کاک فلان یان کاک فیسارم" ، ئه‌مه ڕۆژ نیه نه‌یبیستین و تازه‌ترین نموونه‌شی له‌م ڕۆژانه‌دا له به‌رنامه‌یه‌کی دیدار دا له کوردسات به‌ڕێزێک که به‌رپرسێکی باڵایه و جێگری فه‌رمانده‌ی هێزه، هه‌ڤپه‌یڤینی له‌گه‌ڵدا ده‌کرا، له ته‌له‌فۆنێکی کراوه‌دا هاوڵاتییه‌ک چه‌نده‌ها جار دووباره‌ی ده‌کرده‌وه "ئێمه هه‌موومان پێشمه‌رگه‌ی کاک – فلان- ین". ئه‌مه له کاتێکدا که کوردستان ئێستا له‌شکر و سووپای هه‌یه و ستاتووی ده‌وڵه‌تی هه‌یه و حکومه‌ت و په‌رله‌مانی هه‌یه.

له‌م نموونه‌یه‌دا مه‌به‌ست ڕه‌خنه‌گرتن نییه له‌و به‌رپرسه، یان ئه‌و به‌رنامه‌یه، چونکه خودی ئه‌و به‌رنامه به‌رنامه‌یه‌کی سه‌رکه‌وتووه و پێشکه‌شکاره‌که‌شی کاک ئازاد سدیق گه‌لێ لێهاتووه و، ڕێک له کاتی ئه‌و قسانه‌شدا که هاوڵاتییه‌که به ته‌له‌فۆن ده‌یکرد له جوڵه‌ی ده‌ست و سیمای کاک ئازاد دا ئه‌وه ده‌خوێندرایه‌وه که بڵێت( ئه‌م قسانه که‌ی باوی ماوه، ده فه‌رموو پرسیاره‌که‌ت بکه).

لێره‌دا مه‌به‌ست له‌و نموونه‌یه‌یه که ئه‌ندامی ڕێکخراوێک هه‌ندێ جار نه‌ک به شووناسی ڕێکخراوه‌که‌ی به‌ڵکه به شووناسی فه‌رمانده‌که‌ی خۆی ده‌ناسێنێ و له‌وی دا خۆی ده‌توێنێته‌وه. ئێستا ئه‌گه‌ر پرسیاره‌که‌ی سه‌ره‌تا له‌و پێشمه‌رگه‌یه بکه‌ین: ئایا تۆ خۆتی؟ ڕه‌نگه ته‌نانه‌ت گرفتی وه‌ڵامدانه‌وه‌ی ئه‌م پرسیاره‌شی بۆ دروست

www.Kurdistannet.org

ببێت، چونکه کەسێکی لەوی دیدا تواوە هەرگیز پرسیارێکی لەوجۆرەی بەخەیاڵدا نایەت لە خۆی بکات، یان چاوەڕێی ئەوە نییە پرسیارێکی لەوجۆرەی لێ بکرێت.

بۆ ئەوەی تۆ خۆت بیت، پێویستە کۆدەکانی خوودی خۆت بە دەستی خۆتەوە بێت. ئەگەر ئەو کۆدانەت بە گروپەکەت، بە عەشیرەتەکەت، بە خێڵەکەت، بە حیزبەکەت یان تەنانەت بە کەسێکی ترت بەخشی، خۆت بێ خوود دەمێنیتەوە، واتە بێ ناسنامە.

کلیلی خود ئەگەر بەخۆم بوو کەواتە من خۆمم، مرۆڤێکی جیاواز، تایبەتی و پڕ بایەخ. ئەویدیش مرۆڤێکی جیاواز، تایبەتی و پڕ بایەخە و بە من و ئەو و ئەوانی ترەوە کە خاوەنی ناسنامەیەن دەتوانین گرووپی پڕ بایەخ و خاوەن ناسنامە، ڕێکخراو و حیزبی کراوە و مۆدێرن، کۆمەڵگەیەکی بایەخدار و بەرجەستە کە خاوەنی ستاتوویەکی بڵند بێت، پێک بهێنین.

2004/04/24

سوێد/ ستۆکهۆڵم

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org